Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/jgu.2023.101017

# دژواژە لە ڕۆمانی هاوچەرخی فارسی و کوردییدا (بوفەکور و حەسار و سەگەکانی باوکم) بە نموونە

**مریوان حسین فرحان**

**بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی ،کۆلێجی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو**

## پوختە

زمانناسیی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە بوارەکانی خوێندنەوەی زمانناسیی نوێ دادەنرێت، کە زمان هاوشێوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکات و لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکاندا زمان دەخاتەژێر لێکۆڵینەوەوە. خودی زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە زانستی زمانناسی و زانستی کۆمەڵناسییەوە بەدیهاتووە, کۆمەڵناسیی زمانیش لقێکە لە زانستی زمانناسی، کە خۆی سەرقاڵدەکات بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنییەتی سودوەرگرتن لە زمان و ئەو کاریگەرییانەی کە زمان لەسەر کەلتور و کۆمەڵگە جێیدەهێڵێت، هاوکات دژواژەکانیش بەشێك لە زمان پێکدەهێنن و بەکارهێنانەکانیان بۆ کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، ئەدەبیات و بەرهەمە ئەدەبییەکان وەکو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کەلتوری کۆمەڵگەیەك، تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانێتی و دەتوانێت بارودۆخە کۆمەڵایەتی، ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی لەناو خۆیدا ڕەنگ پێبداتەوە، سادق هیدایەت مۆدیرینەترین شاکاری داستاننووسینی هاوچەرخی لە ئێراندا خوڵقاند، کوندەپەپوی کوێر، گێڕانەوەیەکی ئازارهێن، نائومێدیی وروژێن و نوێخوازیی پێکناکۆك (پارادۆکس) بوو، هەرچی دژواژەکانی ئەم ڕۆمانەیە، لە چەشنی کابوس، خەو و بێداریی مرۆڤی ئێران و سەروژێربوونی مێژووی ئێران لەخۆدەگرێت، بەهەمان شێوە (حەسار و سەگەکانی باوکم)یش دەرخەری پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردییە و زۆربەی دژواژەکانیش لەلایەن پیاوانەوە بەکارهاتووە، بەتایبەت باوک، هاوکات ئەم دوو بەرهەمە ڕەنگپێدەرەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوری سەردەمانی هەردوو نووسەرە، زۆرترین دژواژەی ئەم دوو ڕۆمانە، خۆیان لە دژواژە ئاینییەکان، جنێو و سێکسدا دەبیننەوە.

***Article Info***

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

زمانناسیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی و ئەدەب، دژواژە، کەلتور، سادق هیدایەت و شێرزدا حسن.

***Corresponding Author***

## پێشەکی

دژواژە بەشێکە لە تابۆی زمانی، ئەم زاراوەیە زیاتر لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا بەکاردێت، کورتکراوەی واژە و دوژمنە واتا دەربڕینێکی دوژمنانە، ئێمەش بەپرس و وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی زمانی کوردی بەباشمانزانی زاراوەکە وەکو خۆی وەربگرین.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تەواوی تەمەنی ژیانی لە کۆمەڵگادا بەسەر دەبات، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت, کە تەواوی ڕەفتار و ڕەوشتی هەر مرۆڤێک لەژێر کاریگەری کلتور و کۆمەڵگا و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندایە، وەکو دین، نەژاد، هەڵسوکەوت ...هتد. کەواتە دەتوانرێت زۆر بە سادەیی لەوە بگەین, کە زمان وەک ئامێری پەیوەندییکردن لەژێر کاریگەری کۆمەڵگادایەو کاتێکیش بەرهەمێکی ئەدەبی بەرهەم دەهێنرێت، هەمان بەرهەم دەتوانێت ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هەلومەرج و ڕەوشی ئەو کۆمەڵگایە بێت، زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە زۆر بوار و بابەتی تردا دەتوانرێت وەکو کۆمەڵناسیی زمان ناوی ببرێت. ((زمان وەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی_ کلتوریی شرۆڤەدەکات )) ( مدرسی ، ١٣٨٧: پێش گوتە).

پیتر ترداگیل, یەکێکە لە لێکۆڵەرانی زمانناسیی کۆمەڵایەتی، ئەو هەڵسوکەوتی زمانیی, واتا دەربڕین (گوتار) و زار ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەن, کە لەنێوان زمان و کۆمەڵگادا پەیوەندی و نزیکایەتییەکی لە ڕادەبەدەر هەیە، چونکە کاتێک قسەدەکەین بە شێوەیەکی گشتی دەربڕین و زار ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو, کە خەڵکی کوێین و چی پیشەیەکمان هەیە، تەنانەت لە زۆر شوێنیشدا دەرخەری ئەندێشە و تەرزی بیرکردنەوەیە, لێرەوە و لە ڕوانگەی (پیتر ترداگیل)ەوە: ((زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ پێکهاتە

کۆمەڵایەتی و پێڕەوەکانی کۆمەڵگادا هەیە)). (ترادگیل، ١٣٧٦: ٣٥).

گریمانەی ( ساپێر و وۆرف) یەکێکی ترە لەو باسانەی کە کاریگەری کۆمەڵگا بەسەر زمان و شێوەی ڕەنگدانەوەی دەوروبەر لەسەر زمان دەخاتەڕوو, ئەم تیۆرەش بە گشتی لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بریتین لە:

١- دەتوانرێت نموونەگەلێکی زۆر بەردەس بخرێت, کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ژینگە و دەروبەری کۆمەڵگا لەسەر زمان بنەخشێنێت، ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەش لەسەر ڕۆنانی وشەکانی هەر زمانێک بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

٢- ژینگەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت لە زماندا ڕەنگبداتەوە, بە گشتی لە ڕۆنانی وشەدا کاریگەری و جێکەوتەی خۆی بەجێدێڵێت.

٣- بەهاکانی کۆمەڵگەش لەسەر زمان کاریگەری خۆی هەیە, نموونەی دیار و بەرجەستە بۆ ئەم خاڵەش تابۆیە، تابۆش لە زماندا ئەو وشانە دەگرێتەوە, کە بەکارهێنانیان قەدەغە کراوە, لە ڕاستیدا جۆرێک لە تابۆکان بەلای کەمەوە دەکرێت وەک بەشێک لە پێڕەوە بەهادارەکان و بیروباوەڕی کۆمەڵگا لێکبدرێنەوە, سەرباری ئەمەش زۆرجار تابۆ کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر زمان جێدێڵێت و هۆکار دەبێت وشە تابۆکان، یان ئەو وشانەی هاوشێوەی لە زماندا بەرەو لە ناوچوون بچێت. (ترداگیل: ٣٥-٣٩).

(مدرسی، ١٣٨٧: ١٣) ئاماژە بە هەوڵە تاکەکەسێکان دەکات و ڕایدەگەیەنێت لێکۆڵینەوەکانی (ولیام لباو) مامۆستای زانکۆی (پنسیلوانیا) یەکەمین هەنگاوە, کە لەم بوارەدا نراوە, پێیوایە هەر بەپێی ئەم لێکۆڵینەوانە و سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی کۆمەڵناسی و زمانناسی بۆ یەکەمجار پەیوەندی هەمەچەشنیی زمان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زانستیی دەخرێتەڕوو, هەر ئەمەش هۆکارە کە زمانناسانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان, زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوری... هتد. دەبەستنەوە, هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی زۆر وەکو چینی کۆمەڵایەتی، گروپی نەژاد، ڕەگەز و سیاقی کۆمەڵایەتی... هتد. لەسەر زمان کاریگەری بەجێدەهێڵن، کە هەموو ئەمانەش پێکەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی زمانن, هاوکات هۆکارە هەمەجۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە هۆکاری سەرهەڵدان و پێکهێنانی هەمەچەشنێکانی زمان، هەریەک لەوانەیش هەڵگری تایبەتمەندی خۆیانن و دەتوانن لە نێو ئاخێوەرانی زماندا جیاوازیی دروست بکەن.

دیسان کلتور و بەهاکانی کۆمەڵگاش کاریگەری لەسەر زمان هەیە, هەر ئەمەش هۆکارە کە هەر گۆڕانکارییەک لە بەهاکانی کۆمەڵگادا بێتە ئاراوە، ئەوا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە زمانیشدا, هەر بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە زمان وەک ئاوێنەیەکە و ڕەنگدانەوەی کەلتور و بەهاکانی هەر کۆمەڵگایەکە.

بە باوەڕی بیرمەندان هەر زمانێک, کۆمەڵێک سنوربەندیی بۆ قسەکەرانی دیاریدەکات و لەلایەکی تریشەوە هەندێک توانستی تایبەت بە ئاخێوەرانی دەدات, کەواتە هەر تاکێک بۆ خستنەڕووی ئەندێشە و بەگەڕخستنی هزری خۆی ناچارە کەڵک لە زمان وەربگرێت، لەم بارەیەوە ساپێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ لە زۆر لایەن و بواردا زیندانیی زمانە و بۆچوونی هەرکەسێکیش دەربارەی حەقیقەت، بە کۆپییەکی پوختەکراو لە جیهاندا دەزانێت, کە زمانی ئەو کەسە ئەو حەقیقەتەی ئامادە و پوختە کردووە.

یەکێک لە گرنترین بەڵگە ڕاستییەکانی کلتور و بەهاکانی کۆمەڵگا لەسەر زمان دیاردەیەکە بە ناوی (تابۆ و دژواژەکان) تابۆ و ودژواژەکانیش لە زماندا خۆی دەنوێنێت, کە بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەکەش لە هەوڵدایە تا دژواژە بەکارهاتووەکان لە هەردوو ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکمی شێرزاد حەسەن و بوفەکوری سادق هیدایەتدا بخاتەبەر باس و شرۆڤەکردن.

## ڕێباز و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی ڕێبازی (پەسنیی_ شیکاریی)یە و بە گەڕانەوە بۆ ئەو کارانەی کە دەربارەی هەردوو ئەدیب پێشکەشکراون، بە پشتبەستن بە قوتابخانەی بەراوردیی ئەمریکی بە خستنەڕووی جیاوازی و لێکچونەکان.

## ٢-بنەمای تیۆریی

بەرهەمە ئەدەبییەکان لە دڵی کۆمەڵگاوە هاتوونەتەدەر, ئەم بەرهەمانە ڕەنگدانەوەی لایەنی کلتور و بەهاکان و پێوەرەکانی هەر کۆمەڵگایەکن, لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە ئەدەب یەکێکە لەو سەرچاوانەی دەتوانێت لە لێکۆڵینەوەی زانستیی لە کۆمەڵگادا شایانی کەڵک و سوودلێوەرگرتن بێت، ڕوونە کە ئەدەب خۆی لەخۆیدا خاوەن دامەزراوە و بونیادێکی کۆمەڵایەتییەو ئامانجی کۆمەڵناسانیش گەڕان و پشکنینە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئەدەبیش لە پاڵ ئەو لایەنانەدا دەکرێت بخرێتەبەر تیشکی باس و لیکۆڵینەوەوە, بە باوەڕی ئەوان ئەدەب بریتییە لە دووبارە ڕەنگدانەوەی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵگا.

کەسایەتییە سەرەکییەکانی هەر ڕۆمانێک بە گشتی لە کەسانێک پێکهاتوون, کە کەڵکەڵەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆیان پێ مەبەست و ئامانجە، ئەوەش ئەزموونی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەنوێنێتەو, کەواتە دەکرێت بگوترێت کرۆکی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی خۆی لە دەرخستن و نواندنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە.

(رنه ولک و ئاستین وارن) بە وەرگرتنی هەمان تیۆر و ڕوانگە لە کتێبی (ئەدەب) دەیسەلمێنن, کە بەرهەمهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕێک وەکو دەرهاوێشتەی ژیانی مرۆڤەکانی تری هەر کۆمەڵگایەک دەبینێت، (( ئەدەب زادەی بونیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانە و ناتوانێت شیعر لە ڕێسا، جادو، کار و گەمەکانی ژیان جودابکرێتەوە)) (ولک و ئاستین، ١٣٧٣: ٩٩). جیاوازیی ڕیشەیی ئەدەبیاتی نەتەوەکان ریشەکانیان هەمان بابەتەکانی: جیاوازیی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەهاکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا و ئەم جیاوازییانەش خۆی لە جیاوازیی ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییدا دەنوێنێت, لە هەنگاوی سەرەتادا ئەدەبی بەرهەمهاتووە، لەو پێڕەوانە جیاوازتر خۆی دەردەخات، لێرەوە بەئاکامی هۆکاری

گۆڕانکارییە ئەدەبییەکان دەگەین, هەر لێرەشدا ئەوە بەدەستدەهێنرێت, کە هەر گۆڕانکارییەک لە ڕۆنان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیاندا یەکسانە بە هەمان گۆڕانکاریی لە ئەدەبی ئەو کۆمەڵگایەدا، کەواتە, تەکنیک، هێما و ناوەڕۆکێکی تازەتر لە دەقی ئەدەبییدا دێتەئاراوە. ئەدیب وەکو هونەرمەند دەشێ تاگەرایی خۆی بەسەر کۆمەڵ بخاتەگەڕ، بەوەش کاریگەری دەسەپێنێت.

ئەگەر بە زادە و بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی بزانرێت, ئەوکات دەبێت بگوترێت چەند خاڵێکی هاوبەشی زۆر لەنێوان کۆمەڵناسی و ئەدەبدا بوونیی هەیە، چونکە هەردوو زانستەکە بەدوای چەند ئامانجێکی هاوبەشدا دەگەڕێن، کە ئەو ئامانجانەش خۆی لە کنە و پشکینینی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگادا دەبینێتەوە, کۆمەڵناسان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پەیان بەزۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بردووە, ( بۆ نموونە لایەنی سوننەتی و دواکەوتوویی پێرەوە بەهادارەکانی کۆمەڵگا دەردەخات) بەو شێوەیەی کە لە ڕێگەی شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە بە هەمان ئامانج دەگەین, بە بۆچوونی کۆمەڵناسان بەرهەمە دیارە ئەدەبییەکان، لە هەر قۆناغێکدا وێنەیەکی ڕۆشن لە بواری میکانیزمی کۆمەڵایەتی، ژینگە و دەوروبەر، ئابوری، دینی و سیاسی ڕەفتاری مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەدەست دەهێنێت.

بوفە کور بەرهەمی سادق هیدایەتە, کە بە یەکێک لە دیارترین و بەرجەستەترین ڕۆمانە هاوچەرخەکانی ئەدەبی فارسی دێتە هەژمارکردن، جگە لە لایەنە ئەدەبیبەکانی هەڵگری بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی نوسەرە, لەم ڕووانگەیەوە لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی دژواژەکانی ئەم دوو بەرهەمەوە هەوڵدەدرێت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بەهاکانی کۆمەڵگە و پێوەرە کۆمەڵایەتییە خۆسەپێن و زاڵەکانی هەردوو کۆمەڵگەی کوردیی و فارسی ئاشنابین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە خۆشکەرن تا زیاتر بە هزر و ئەندێشەکانی سادق هیدایەت و شێرزاد حەسەن پەیببەین, واتە دەتوانرێت لە ئامانج و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم وشانە تێبگەین و پێیان ئاشنابین.

**٣-پێشینەی توێژینەوە:**

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە بارەی دژواژەکان لە هەردوو ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم و بوفەکوردا پێشکەش نەکراوە، بەڵام چەند لێکولینەوەیەک بە شێوەی جیاجیا لەسەر دژواژە و سادقی هیدایەت و شێرزاد حەسەن لە زمانی فارسی و کوردییدا نوسراون کە پێکهاتوون لە:

- (شکیبا، ١٣٨١) لە ماستەرنامەکەیدا بە ناونیشانی (تاسیر بافت اجتماعی بر کاربرد دشواژە ها در گفتار زنان و مردان تهرانی )، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژواژەکانی زمانی فارسی خستوونەتەڕوو, ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوەی لایەنە جیاوازەکانی ڕەفتاری زمانیی ژنان و پیاوانی فارس زمانان، لە لێکۆڵینەوەکەدا جگە لە ئاستی بەکارهێنانی دژواژەکان ئاماژە بە جۆرێک لە گوێگر کراوە، هاوکات تیشکخراوەتەسەر هۆکارەکانی بەکارهێنانی وشە نەگوتراوەکان و بەکارنەهێنانیان., لە لێکۆڵینەوەکەشدا گەیشتووەتە ئەنجامەی، کە گریمانەکەی لەسەر بنەمای هاوپێوەندی گۆڕاوی ڕاستەوخۆی ڕەگەز بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان تەمەن بە نموونە و ئاستی خوێندەواریی کاریگەری لەسەر زمانی دژواژەکان هەیە.

- معدنی (١٣٧٨) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی ((مروری بر دشواژهای زبانی و انواع ان))، لەسەر ئەو باوەڕەیە دوو جۆر دژواژە هەیە (تەواو و ناتەواو) دژواژە ناتەواوەکان بەو وشانە دەگوترێت, کە تەنها لە چوارچێوە و بارودۆخە تایبەتەکاندا بەکاردەهێنرێت، کەواتە بەکارهێنانیان سنوردارە و بە تەواوی لە زماندا لابراون, هەر کاتێک دژواژەکان بگاتە ئاستێک مرۆڤ لە بیستن و خستنەرووی نابەدڵ بێت، ئەوا دەستبەجێ ئەو وشانە بە جۆرێک لە دژواژە دێنە هەژمار.

- شکیبا (١٣٨٦) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (تاسیر بافت اجتماعی بر کاربرد دشواژها در گفتار زنان و مردان تهرانی نوشین فتحی))،جیاوازی زمانی ژنان و پیاوانی خستووەتەڕوو، ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەرووی ڕەفتاری زمانیی ئاخێوەرانی فارس زمانە، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەک (خوێندن و تەمەن) ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە پیشاندەدات, کە پیاوان زیاتر لە ژنان لە دژواژەکان سودوەردەگرن و ژنانی خوێندەواریش ڕێزدارانەتر قسەدەکەن.

- مریدی (١٣٨٧) لە توێژینەوەیەکدا باسێکی بە ناونیشانی ((بررسی تحولات واژگان ممنوعه در گویش لارستانی و حسن تعبیرهای مربوط به انها)), پێشکەشکردووە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەوە بەدەستهاتووە شێوەزاری خەڵکی لارستان وشەی قەدەغەکراوی جۆربەجۆری هەیە، قسەکەرانیش هەوڵدەدەن خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو وشانە بە دووربگرن و لە بڕی ئەو وشانە سوود لە دەربڕینی تر وەربگرن.

- اعتضادی و علمدار (١٣٨٧) باسێکی بە ناونیشانی ((تحلیل جامعە شناختی زبان مخفی در بین دختران)) پێشکەشکردووە، کە تیایدا نووسەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر زمانی شاراوە هەیە بە تایبەت کلتورە سنوردارەکان شیدەکاتەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات گەنجان بە تایبەت کچان لە چواچێوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا، دابونەریت و ژینگەی کۆمەڵایەتی سود لە زمانی شاراوە وەردەگرن, هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم وشانەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دۆستایەتی و زۆر هۆکاری دیکە لە نێو کۆمەڵگەدا.

- تفرجی یگانە (١٣٩٥)، لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (( تحلیل بەکارگیری دشواژەها در فلیم های سینمای ایران از من منظر جامعەشناسی زبان و رابطە ان با جنسیت بازیگران))، لە ئاستی بەکارهێنانی وشەقەدەغەکراوەکان لە فیلمی سینەمایی (ڕسوای سەردەمی سەهۆڵبەندان و ئاگر) دەکۆڵێتەوە و وشەکانی نێو فلیمەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی زمان و سۆفتیۆرەوە کۆڵراوەتەوە، ئەنجامەکانیش ئەوە دەردەخەن, کە وشە قەدەغەکراوە گشتییەکان زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و ژمارەی ئەو وشانەی کە تایبەتن بە نەخۆشی و ئاژەڵ و خانەوادە کەمترین بەکارهێنانیان هەیە.

لە ئەدەبیاتی کوردییدا هیچ توێژینەوەیەک بە دیاریکراوی ئەنجامنەدراوە سەبارەت بە دژواژە لە ڕۆمانی کوریدا، ئەوەی

هەیە زیاتر لە چوارچێوەی تابودا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە:-

- فەرەج (٢٠١١) لە تێزی دکتۆراکەیدا (تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان کەلتور و زمان) توێژەر شیکردنەوەی بۆ پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و کلتور و ڕۆڵەکانی زمان کردووە، بە تایبەتی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی تابۆ و دیاریکردنی جۆرەکانی لە زمانی کوردییدا، توێژەر لە کۆتاییشدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کلتور و دەوروبەر و تابۆی زمانییدا هەیە و ئاخێوەرانی زمانی کوردی زیاتر هەوڵدەدەن جوانییدەربڕین لە بری دژواژە، یاخود دەربڕینە تابۆییەکان بەکاربهێنن.

- تاها (٢٠١٥) لە نامەی ماستەرەکەیدا (قەدەغەشکێنی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا- باشوری کوردستان ١٩٨٠-١٩٩١) توێژەر بەشێوەیەکی گشتی تیشکی خستووەتەسەر دەربڕینە قەدەغەکراوەکان لە شیعری شاعیرانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە باشوری کوردستاندا و بیرۆز و دیدی فەیلەسوف و زمانناسانی لە بارەی چەمکی تابۆ و جۆرەکانی تابۆی جیهانی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە لە ناو کوردا و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری شاعیران و لە کۆتاییشدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیرانی ئەو سەردەمەی کە کەوتووەتە چوارچێوەی ماوەدیارکراوەکەی ئەم توێژینەوەیەوە بێبەری نەبوون لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە، بەڵام جۆری بەکارهێنانەکانیان بەپێی شاعیران دەگۆڕێت.

- کەسنەزانی(٢٠١٩) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی ((ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و تابۆشکێنی))، نووسەر بە دەستنیشانی ئەو شاعیرە کلاسیکییانەی کردووە، کە سودیان لە دەربڕینە تابۆییەکان وەرگرتووە و جۆرەکانی تابۆ و شێوازی بەکارهێنانیانی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییدا دیاریکردووە.

**٤- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن:**

دژواژە بە شێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، کە لە ئەو کۆمەڵگە و کلتورەدا قەدەغەیە و دەربڕینیان بەو کۆمەڵگەو کلتورە نامۆیە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەک ڕەفتار و دەربڕینە زمانییەکان بەپێی کلتورە جیاوازەکانیان، دەستنیشاندەکرێت و هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک پێوەری بۆ نرخاندن و نەنرخاندنی هەڵسوکەت و ڕەفتارەکانی تاک بە تاکی کۆمەڵگاکەی دیاریکردووە، پێویستە تاکەکانی پێوە پابەندبن و قەدەغەکراوەکان نەشکێنن، پێشێلکردنی ئەم یاسا و دەستورە کۆمەڵایەتییە لەلای خەڵکی هەڵگری بارێکی نەرێنییە، ئەم دەربڕینە نەشیاوانەش بەجۆرێک لە دژواژە زمانییەکانی نێو کۆمەڵگا دێتە ئەژمار.

خانلری (١٣٧٢: ١٠٠-١٠٧)یش, بە لەبەرچاوگرتنی ئەم چەمکە زۆرێک لە دژواژەکان لە ئێران و وڵاتانی تری فارس زمان و ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆڵیوەتەوە, بە باوەڕی ئەو زۆرێک لە بیروبۆچوونە گشتییەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی کە لە ناونانی منداڵاندا خۆپارێزیی بکرێت, تا نەوەکو هاوزادەکەی ئەو بناسێت و لەگەڵ خۆی بیبات, (ئاتسز)، کە یەکێک بووە لە سەردارانی خوارزمشا، ئەم ناوە لە زمانی تورکیدا بە واتای (بێناو) دێت, وێنەی ئەم خۆپارێزییەش لە ئێراندا لە بەکارهێنانی ناوی (جن) لە کاتی شەودا دەتوانرێت لێکدانەوەی بۆبکرێت, زۆرێک لە خەڵکی ئێران (جن) لە مرۆڤ بە باشتر دەزانن و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ترس و هەراس، کە مرۆڤ جنی لە دڵدایە و لێیدەترسێت، لە هەندێک شوێندا ڕاستەوخۆ ناوی جنەکە ناهێنن، بەڵکو دەوترێت ئەوان، یاخود لە هەندێک شوێندا باوەڕیان وایە کە ژمارەی ١٣ شوومە ڕاستەوخۆ نەیاندەوت ١٣ دەیانوت ١٢+١, کە دەکاتە ١٣تەنانەت ڕاستەوخۆ ناوی کەسەکەیان نەدەهێنا، بە باوکی فلان، یاخود دایکی فلان بانگیان دەکرد، باوەڕیان وابوو ئەگەر بەوشێوەیە بانگی کەسەکە بکەن, ئەوا دەسەڵاتی دەشکێت بەسەر (جن)داو جنەکانیش ناتوان ئازاری پێبگەیەنن.

واردەف (١٩٩٢)، لەو باوەڕەدایە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی هۆکارە بۆ دروستبوونی دژواژەکان، چونکە مرۆڤ باوەڕی وایە, کە شتێکی وەها ناجۆر ئەنجامگەلێکی زیانبەخش دێنێتە ئاراوە، چونکە ئەم ڕەفتارە زمانییە، یا نازمانییە لەسەر بنەمای چەند بیروباوەڕێکی سروشتییە و هەرکاتێک پێشێلبکرێن، زیان بە یاسا و پێوەرە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت. دژواژەکان بەشێوەیەکی تایبەت پێناسە دەکات, بەوەی لە ڕێگەی زمانەوە لە گوتن و بەکارهێنانیان خۆپارێزیی دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا پێیوایە هەر لەگەڵ بەکارهێنانیاندا دەبێتە بەربەست لەو ڕەفتارانەی لە کۆمەڵگەدا سروشتیی و باون، یان ئەوەی کە زیان بە ڕەوشتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت و بتوانێت ئەو ڕەوشتە لاواز و بنبڕبکات، لە ئەنجامدا تا ئەو شوێنەی تایبەت دەبێت بە زمانەوە، ئەو شتانەی کە تایبەت و دیاریکراون نابێت بگوترێت، یاخود نابێت ئاماژەشیان پێبکرێت، مەگەر لە بارودۆخێکی تایبەتدا سود لە تابۆکان وەربگیرێت, ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، سیاقی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت, زۆرێک لەم نەگوتراوانە کاتێک دەگوترێت, کە کەسی بەرانبەر تورە بێت، ئەمەش هەمیشەیی نییە، دەبێت ڕەچاوی ئەم لایەنە بین کە شێوازی خستنەڕووی وشەیەک بەهەمان شێوە جۆرە ئاماژەیەکە و زمانی جەستەش لە مانا بەخشین بە وشەکان کاریگەری خۆی هەیە, بۆیە ئەندازەی سودوەرگرتن لەم دژواژانە بە ئەندازەی ئازاردانی تاک لە بابەتێک، یان پرسێک، پەیوەندی بە جیاوازیی تەمەنی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، کاروپیشەی تاک و هەستیارییانەوە هەیە, بۆ نموونە منداڵێک لەگەڵ کەسێکی بەتەمەندا گفتوگۆبکات سود لەو وشانە وەردەگرێت, کە کاریگەری دژواژەکانی پێوە دیارە.

تابۆ و دژواژەکان لە هەر زمانێکدا شوێنکەوتەی کات و شوێنی بەکارهێنانیان، شتێک کە ئەمڕۆ دەربڕینیان قەدەغەیە دیار نییە، کە سبەی بەکارهێنانیان ئاسایی بێت، یاخود بە پێچەوانەوە, لە ئەنجامدا هەر زمانێک تابۆ و دەربڕینی دژی تایبەت بەخۆی و ڕوخسار و واتای جۆربەجۆری هەیە، ئەگەرچی ئەم دژواژانە هەڵگری پەسنی بێزێزین و بۆ هەر بارودۆخ و شوێنێکی گونجاو دەست نادەن، لەگەڵ بوونی ئەم هۆکارانەشدا, کە خرانەڕوو تاک لە گفتوگۆدا سود لەم دژواژانە دەبینێت و بەکاریاندەهێنێت.

**٤ – ١ تاوتوێکردنی ئەو دژواژانەی لە "بوف کور" دا بەکارهاتوون:**

بۆ تاوتوێکردنی باشتری دژوواژەکانی کتێبی "بوف کور"، دژواژەکان بە سەر ئەم بەشانەدا پۆلێن دەکرێت:

٤-١-١. **دژواژەی ئاینی:** ئاین هەموو بابەتەکان پۆلێنبەندی دەکات و سنووریان بۆ دادەنێت, هەندێک شت بە حەڵاڵ دەزانێت و هەندێکی دیکە بە حەرام دەزانێت, هەر بۆیە سادق هیدایەت لەو بەرهەمەیدا کۆمەڵێک دژواژە بەکاردەهێنێت، کە لە ڕووی ئاینییەوە حەرامن، وەک: لکاتە (لەشفرۆش)، قتل (کوشتن)، مشروب (خواردنەوەی کحوولی)، تریاک (تلیاک) و ...هتد.

**لکاتە:** ئەم وشەیە بە واتای ژنی خراپەکار و سەرسەری و لەشفرۆش دێت. بڕوانە فەرهەنگی ((دهخدا)) وشەی "لکاتە"، هەڵبەت دەکرێت دژواژەی لکاتە دژواژەیەکی ئاینیش بێت و دژواژەیەکی جنێویش بێت، بەڵام لە چیرۆکەکەدا زیاتر ڕەهەندی ئاینی لەخۆدەگرێت و وەک ژنێکی خیانەتکار ناوی دەهێنرێت.

- *مثلاینبودکهاینلکاتهازشکنجهمنکیفولذتمیبرد(1383 : 63).*
- *اسمشرالکاتهگذاشتم،چونهیچاسمیبهاینخوبیرویشنم یافتاد(همان،69).*

خواردنەوەی مادە کحولییەکان و تریاک: یەکێک لە گرینگترین دژواژە ئاینییەکان کوشتن و قەتڵە، کوشتن یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان.

- *از این به بعد به مقدار مشروب و تریاک خودم افزودم اما افسوس به جای این که این داروهای نا امیدی، فکر مرا فلج و کرخت بکند، به جای این که فراموش بکنم، روز به روز، ساعت به ساعت، دقیقه به دقیقه، فکر او، اندام او، صورت او، خیلی سخت تر از پیش، جلوم مجسم می شد(همان، 20).*

هیدایەت لە "بوف کور"دا زۆربەی کاتەکان شەراب بەکاردەهێنێت بۆ دەربازبوون لە زەحمەت و نەهامەتی ژیان، هیدایەت بەو شێوازە لە بیرکردنەوە و خایلە و دڵەڕاوکێ ڕزگاری دەبێت و ساتێک دەحەوێتەوە، دەکرێت شەراب و تلیاک وەک حەبێکی ئازارشکێن بۆ ئارامکردنەوەی کاتی ئازار و مەینەت بەراوردبکرێت.

لە چیرۆکە جادوییەکاندا کارەکتەرێک پاڵەوانی چیرۆکەکە پەلکێشی ویلایەتی ناوشیاریی (کۆشکی تەلیسم) دەکات، ئەو دەلیلە هەندێکجار گۆڕێکە یان ئەسپ و باڵندە و دەنگ و ئاماژەی نەیە و لێرەشدا شەرابە، شەراب لە "بوف کور"دا یەکێکە لە وشە سەرەکییەکان، شەراب دوو لایەنی جیاوازی هەیە، لە لایەکەوە دەلالەتە لە سەر خوێن و قوربانی، لە لایەکی دیکەشەوە بە واتای سەردەمی گەنجی و ژیانی هەمیشەیی دێت، هەر وەک لە بەشی سەرەتادا ئاماژەمانپێدا، شەراب لەو چیرۆکەدا هەندێکجار پەیوەندی بە مەرگەوە هەیە و هەندێکجاریش دەڵێت: بە بۆنەی لەدایبکوونی منەوە شەرابیان دانابوو، واتە پەیوەندی بە واتای ژیانەوە هەیە، لێرەدا نموونەیەکی تر لەو بارەیەوە دەهێنینەوە، کە پێماندەڵێت هیدایەت شەرابی وەک هێورکەرەوەی ئازارەکانی ژیان و دۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە بەکارهێناوە:

- *من در حالی که بغلی شراب دستم بود، هراسان از روی چهارپایه پایین جستم. نمی‌دانم چرا می‌لرزیدم؛یک نوع لرزه پر از وحشت وکیف بود، مثل این که از خواب گوارا و ترسناکی پریده باشم. بغلی شراب را زمین گذاشتم و سرم را میان دو دستم گرفتم. چند دقیقه، چند ساعت طول کشید؟ نمی دانم، همین که به خودم آمدم بغلی شراب را برداشتم، وارد اتاق شدم(1383: 17).*

چەند نموونەیەکی تر لە بەکارهێنانی تلیاک و خواردنەوەی کحوولی لە بەرهەمەکەی (سادق هیدایەت)دا دەهێنینەوە:

- *چند پک وافور کشیدم(همان،: 44).*
- *همان طوری که به تریاک عادت کرده بودم، همان طور به این گردش عادت داشتم، مثل این که نیرویی مرا به این کار وادار می کرد.(همان، 21)*
- *وارد اتاق شدم، دیدم عمویم رفته و لای در اتاق را مثل دهن مرده باز گذاشته بود، اما زنگ خنده خشک پیرمرد هنوز توی گوشم صدا می‌کرد(همان، 17).*

**خوشک و برا بوونی ژن و مێرد:** لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە خوشک و برا ناتوانن هاوسەرگیری بە یەکەوە بکەن، تەنانەت ئەگەر خوشک و برای شیرییش بن، هەر بۆیە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لە ئیسلامدا قەدەغە و تابۆیە و ناێ کەس ئەوە بکات.

گێڕەرەوەی "بوف کورد" دوو جار لە لاپەڕەی 59 و 60دا دەڵێت "لکاتە" خوشکی شیریی منە و ئەو بە شێوەیێک لە شێوەکان تابۆی شکاندووە و خوشکە شیرییەکەی خۆی بە هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە:

- *بهقدریاورادوستداشتمکهدخترشهمینخواهرشیریخو دمرابعدهاچونشبیهاوبود،بهزنیگرفتم . یعنیمجبورشدماورابگیرم(همان، 59).*

یان لە لاپەڕەی 60 دا دەڵێت:

- *باوجوداینکهخواهربرادرشیریبودیم،برایاینکهآبرویآنها بهبادنرود،مجبوربودمکهاورابهزنیاختیارکنم،(همان، 60).*

٤-١-٢. دژواژەکانی تایبەت بە مەرگ: وەکو (مردن، مەرگ، تەرم، لاشە و ... هتد).

لە سەرەتای کارەکەدا دوو پەرەگرافی ئەو چیرۆکە شیدەکرێنەوە، کە زۆر لەیەکتردەچن:

- *مادرممیگویدکههردولیآنهاراترکخواهدکرد،مگربهاین شرطکهپدروعمویمصندوقچهآزمایشمارناگرابدهندوه رکداماز آنهاکهزندهبمانند،بهاوتعلقخواهدداشت . آزمایشازاینقراربودهکهپدروعمویمراباییستیدریکاتاقت اریکمثلسیاهچالبایکمارناگبیندازندوهریکاز آنهاکهاوراما رگزید،طبیعتافریادمیزند،آنوقتمارافسادراتاقرابازمیکن دودیگریرانجاتمیدهدوبوگامداسیبهاوتعلقمیگیرد(هم ان، 56 و 57).*

- *آیا با مرده چه می توانستم بکنم؟ با مرده ای که تنش شروع به تجزیه شدن کرده بود! اول به خیالم رسید او را در اتاق خودم چال بکنم، بعد فکر کردم او را ببرم بیرون و در چاهی بیندازم، در چاهی که دور آن گل های نیلوفر کبود روییده باشد . اما همه این کارها برای این که کسی نبیند چه قدر فکر، چه قدر زحمت و تردستی لازم داشت! به علاوه نمی خواستم که نگاه بیگانه به او بیفتد،*(هەمان، 31)

ئەوینێکی ڕێگەپێنەدراو کە سزاکەی مەرگە، ئەگەر ئۆدیب بە هەڵە و نائەنقەست باوکی خۆی دەکوژێت لە تاقیکردنەوەکەی ژووری مارناگ بوگامدا داسێکە بە زیرەکی، مەرگ لە خۆی دووردەخاتەوە و پێشکەش بە دوو برای دەکات لە چاڵەڕەشێکی تاریکدا، بۆ ئەوەی لە نێوان خۆیاندا بەشیبکەن، لە ڕاستیدا مەرگ هی خۆیەتی کە وازی لە ئەوینەکەی هێناوە، ئەو کاتەی "بوف کور" پرسیار لە خۆی دەکات، کە ئایا خۆی بەرهەمی زنجیرە بەرەیێکی ڕابردوو نەبووە و ئەزموونی میراتی ئەوانی تێدا بەجێ نەماوە؟ پێدەچێت ئاماژە بە گواستنەوەی ئەو پرۆژە خێزانییەی عەشق و مەرگ بکات (خلیلی تیلمی، 1384: 70) ئەوینی باوکی "بوف کور" ئەنجامەکەی دەبێتەمەرگ. (هەر وەک ئەوینی "بوف کور"، کە پاش ئەوەی ئەوینەکەی دەبێتە ئەوینێکی زەمینی و خاکیی دەمرێت، چونکە ئالودەی ناپاکیەکی یەک لایەنە دەبێت، ئەوەش ئەو ئەوینەیە کە پاش گەڕانەوەی براکەی دەبێتە پەیوەندییەکی سۆزداریی لە ڕووی حەزی سێکسییەوە.

هەر بۆیە بە ئاسانی تێدەگەین، کە ئەوینی باوکی گێڕەرەوەی چیرۆکەکە بۆ موگام داسی مەرگی ناوبراوی لێدەکەوێتەوە و هەر دوو عەشقەکە وەک ئەوینی باوکی گێڕەرەوە ناکام دەبێت و ئەنجامەکەیان مەرگە، بۆیە ئەم چیرۆکە لەو ڕووەوە کە عەشقەکان تێیدا ناکامن جێگەی سەرنجە:

- *خستگی بی پایانی در خودم حس کردم؛ رفتم در قبرستان کنار جاده روی سنگ قبری نشستم، سرم را میان دو دستم گرفتم و به خال خودم حیران بودم؛ ناگهان صدای خنده خشک زننده ای مرا به خودم آورد، رویم را برگردانیدم، دیدم هیکلی که سر و رویش را با شال گردن پیچیده بود، پهلویم نشسته بود و چیزی در دستمال بستهای زیر بغلش بود، رویش را به من کرد و گفت: حتما تو می خواستی شهر بری، راهو گم کردی هان؟ لابد با خودت میگی این وقت شب من تو قبرسون چه کار دارم! اما نترس، سر و کار من با مرده هاس، شغلم گورکنیس، بدکاری نیس، هان؟ من تمام راه و چاه های اینجا رو بلدم؛ مثلا امروز رفتم به قبر بکنم، این گلدون از زیر خاک در اومد؛ می‌دونی گلدون راغه، مال شهر قدیم ری، هان؟ اصلا قابلی نداره، من این کوزه رو به تو میدم، به یادگار من داشته باش.» (1383: 39).*

لەبارەی بەکارهێنانی ئێجگار زۆری مەرگ و دەستەواژە و وشەی تایبەت بەو بابەتە دەبێت جگە لە بارودۆخی بنەماڵەی هیدایەت بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵات لە سەردەمی نووسەردا، ئەو بارودۆخە دڵی هەموو مرۆڤێکی بیرمەند و ژیر دەهەژێنێت، هەر بۆیە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە بە تایبەت ڕۆمانەکان زیاتر چەڵەمە و ڕۆژگاری ڕەشی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت.

یاحەقی دەڵێت: هیدایەت پاش گەڕانەوەی لە هیندستان، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بە نەخوازراو دەبینێت، سانسۆر و سەرکوتکردنێکی فراوان لە ڕۆژنامە و میدیادا زاڵە، کۆڕی یارانی هیدایەت کە بە گرووپی ڕەبعە (چوار کەسی) ناوبانگی دەرکردبوو، لێکترازابوو و یارەکانی هیدایەت هەر یەکەو دوچاری چارەنووسێک بووبوون، هیدایەتیش ناچار ڕووی کردە خواردنەوە و مادەی هۆشبەر و جگە لە چەند وتارێک، کە بۆ ڕۆژنامەکانی نووسی و چەند وەرگێڕانێکی سەردەمی پەهلەوی، چالاکیی ئەدەبیی زیاتری نەبوو، ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە مەودای نێوان نووسینی "بوف کور" (1335) و دەستلەکارکێشانەوەی ڕەزا شا (خەرمانانی 1320)، هیدایەت هیچ قسەی بۆ کردن نەبوو، دەیەی کۆتایی تەمەنی هیدایەت، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی کراوە و پڕ لە ڕووداوی مێژوویی ئێران، سەردەمی بەرگرییە کە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو لەو سەردەمەدا خولقێندران. (یاحقی، 1391: 239). هەر بۆیە دەکرێت بڵێین بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناغە بە جوانیی لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا ڕەنگیداوەتەوە و ئەو ڕۆحەی ساردوسڕیی و سستیی لە "بوف کور"دا شەپۆلدەدات:

- *کوزه را در دامن من گذاشت و بلند شد . از زور خنده شانه هایش می‌لرزید، من کوزه را برداشتم و دنبال هیکل قوز کرده پیرمرد افتادم سر پیچ جاده، یک کالسکه نعش کش لکنته با دو اسب سیاه لاغر ایستاده بود؛ پیرمرد با چالاکی مخصوصی رفت بالای نشیمن نشست و من هم رفتم درون کالسکه میان جای مخصوصی که برای تابوت ادرست شده بود درازکشیدم و سرم را روی لبه بلند آن گذاشتم، برای این که اطراف خودم را بتوانم ببینم؛ کوزه را روی سینه ام گذاشتم و با دستم آن را نگه داشتم(1383: 40).*

(غیاسی) لە شرۆڤەکردنی "بوف کور"دا بڕوای وایە: لە بەرانبەر حەقیقەتی سامناکی مەرگدا هەموو شتێک وەک فریوێکی بێتام دەردەکەوێت، نووسەر بەردەوام لە بیری نەبوونی و دابەشبوونی وردیلەکانی جەستەی خۆیدایە، فریشتەش بۆنی مردوو و بۆنی مردووی لەش ڕزیو دەدات، هیدایەت وا بیر دەکاتەوە کە هەموو شتێک مەرگە، چوونکە بە مردنی مرۆڤ هەموو شت کۆتایی پێدێت و واتای خۆی لەدەستدەدات، مۆتەکەی مەرگ لە هەموو شوێنێک بەرچاودەکەوێت: "بوونی مەرگ، هەموو وەهمەکان تەفروتونا دەکات"، دیدەی حەقیقەتبین دەتوانێت لە قوڵایی تاریکیدا ببینێت: ئەوەی لە بنی تاریکیی شەودا ونبووە بزاوتێکی سەروو مرۆڤییە؛ مەرگە. ناتوانیت هیچ دەرفەتێک بە غەنیمەت بزانی، مەنزڵی ئەوینەکەشت شوێنی عەیش و خۆشی نییە، چونکە سیمای ناحەزی مەرگ بەردەوام لە هەموو شوێنێک ئامادەیە، ئەو لە

بەرگی پیرەپیاوێکی چەماوەدا دەردەکەوێت، کە پیری ڕۆژگارە، بە پێکەنینە قیزەونەکەی خۆی تووکی جەستەی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە و بەردەوام هۆشداریی ئەوە دەدات، کە کۆڵ بپێچنەوە، چونکە دڵەڕاوکێی مەرگ دەست لە یەخەی گێڕەرەوە بەر نادات، هەر کاتێک گێڕەرەوە لە لکاتە یان برا بچووکەکەی نزیک دەبێتەوە و نیازیەتی لێوی یارەکەی ماچ بکات پیرەپیاوە چەماوەکە دێت و پچڕپچڕ پێدەکەنێت، پێکەنینێکی ترسناک بوو کە تووکی مرۆڤ ڕاست دەکاتەوە". (1377، 240 و 241)

٤-١-٣. **جنێوەکان**: جێنوەکان چەند نموونەیەکی هەن: گەمژە، بە دەرەک، زەهر، هەرچی پەرچی و پیس، بۆگەن، جاکەش و ....

- *همه این کارها را می بایست به تنهایی و به دست خودم انجام بدهم. من به درک، اصلا زندگی من بعد از او چه فایده ای داشت؟(1383: 31).*

گێڕەرەوەی کوندەپەپوو پاش مردنی ژنی ئاگرین ژیانی خۆی بەبێ کەڵک دەزانێت و لە ڕێگەی دژواژەی "بە دەرەک"ەوە خەم و کەسەری خۆی سەبارەت بە مردنی ناوبراو دەگەیەنێتە بەردەنگەکەی:

- *میترسیدمزنمازدستمدربرود.*
*میخواستمطرزرفتار،اخلاقودلربابییراازفاسقهایزنمیاد بگیرمولیجاکشبدبختیبودمکههمهاحمقهابهریشممی خندیدند .*
*اصلاچهطورمیتوانستمرفتارواخلاقرجالههارایادبگیرم ؟حالامیدانمآنهارادوستداشتچونبیحیا،احمقومتعفن بودند،عشقاواصلاباکثافتومرگتوأمبود(همان، 62).*

لەو بەشەدا گوڕی بەکارهێنانی دژواژەکان لە کوندەپەپوودا پەرەدەستێنێت و بە دژواژەی وەک "جاکەش" و "بێحەیا" و "گەمژە" و "بۆگەن" و "پیس" وتەکە رووتتر دەبێت، هەڵبەت گوتنی ئەو خاڵەش گرینگە، کە هەرچی بەکارهێنانی دژواژە لە وتەدا پەیوەندی بە تەمەن و ڕەگەز و خوێندەواری و بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، گێڕەرەوە لەو چیرۆکەدا تەقریبەن گەنجە. خوێندەوارییەکەی ڕوون نییە، بەڵام بە نیشانەکاندا تێدەگەین، کە خوێندەواریی ئەوتۆی نییە، هەروەها بنەماڵەکەی لە چینی خوارووی کۆمەڵگایە و دۆخی کەلتووریی ئەو بنەماڵەیەش زۆر باش نییە، هەر بۆیەش دژواژەی زۆر لەو ڕۆمانەدا دەبینرێت، لێرەدا زۆریی دژوشەی جنێو بە ئاشکرا دەبینرێت، ئەمەش نموونەیەکی ترە:

- *تنهایکچیزرامیدانمایننزن،اینلکاته،اینجادو،نمیدانمچه زهریدرروحمن،درهستیمنریختهبودکهنهتنهااورامیخ واستم،بلکهتمامذراتتنم،ذراتتناورالازمداشت(همان، 60).*

٤-١-٤. **رجالە (خوێڕی)**: بە واتای هەرزەکار و خوێڕی و نەفس نزم (دهخدا ژێر وشەی رجالە), بەو بۆنەیەوە "رجالە" لە بەشی ئایینی دژواژەکاندا باس نەکراوە، چونکە ناپاکیکردن و خەوتن لەگەڵ ژنی خاوەن مێرد پێش ئەوەی بابەتێکی ئایینی بێت تەوەرێکە لە باری لۆژیک و کەلتوورەوە لۆمەکراوە.

- *شباهتیکهبیشترازهمهبهمنزجرمیداد،اینبودکهرجالهها هممثلمنازاینلکاته،اززنم،خوششانمیآمدواوهمبیشت ربهآنهاراغببود(همان، 69).*

مەبەست لە خوێڕی لە چیرۆکی کوندەپەپوودا ئەو کەسانەن, کە لەگەڵ ژنی گێڕەرەوە پێوەندیی سێکسییان هەبووە, هەر بۆیە گێڕەرەوە کینەی لێیان هەیە، چونکە ئەوان توانیویانە شوێنی خۆیان لە دڵی ژنی هەرزە (لکاتە)دا بکەنەوە. نموونەیەکی تریش:

- *عشقچیست؟برایهمهرجالههایکهرزگی،یکولنگاریموق تیاست.(همان، 110).*

گێڕەرەوە دەڵێت لای ئەو ژیاوە هەرزەکارانەی تەنها بیر لە پەیوەندیی سێکسی دەکەنەوە ئەوین تەنها واتای هەرزەکاریی دەدات و جگە لەوە هیچ مانایەکی تری نییە، ژمارەیەک لە توێژەران دەڵێن کاراکتەرەکانی کوندەپەپوو لە ئەنجامدا دەگەنە یەکبوون و هەموویان یەکن، واتە: گێڕەرەوەی کوندەپەپوو دەڵێت هەرگیز مامی خۆی نەبینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمان ڕواڵەتی بۆ باوکی وێناکردووە، کە لەگەڵ مامی دووانە بوون، یاخود بە هۆی لێکچوونێکەوە بوو کە وایزانیوە لەگەڵ ئەو بوویەتی، یا لە دایەنەکەی بیستووە، تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی مامی کە لە تایبەتمەندییەکانی کوندەپەپوو نزیکە لە ڕواڵەتی "عارەبانەچییە گۆڕکەنەکە" دەچێت و هەڵبەت شایانی باسە پیرەپیاوی وردەواڵە لە کۆڵیش بە هەمان تایبەتمەندی وەسف کراوە، ئەو پیاوەی لە گەنجیدا گۆزەگەر بوو و ئێستا لە ڕێگای وردەواڵەفرۆشییەوە ژیان بەسەردەبات، مێردی پووری کوندەپەپوو -باوکی ژنە هەرزەکارەکەش هەر ئەم تایبەتمەندییەی هەیە: پشتی چەماوە و ملپێچی بەستووە... بە پێکەنینێکی وشک و قیزەونەوە، ڕواڵەتێک کە کوندەپەپوو هاوتاسازیی پێدەکات، تا ئەو ڕادەیەی کە کاتێک دەڕواتە ژوورەکەی ژنە هەرزەوە عابایەکی زەرد دەخاتەسەر شانی و دەچەمێتەوە، کاتێک کە بە حەپەساوی لە ژوورەکە دێتە دەرەوە وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت، کە بۆتە وردەواڵە لەکۆڵ (خلیلی تیلمی، 1384: 70).

٤-١-٥. **سێکسی و ژن و مێردیی**: وەک ماچکردن و پەیوەندیی سێکسی و ئەوکردارانەی پێوەندیی بە سێکسەوە هەیە:

- *لب های گوشتالوی نیمه باز، لب هایی که مثل این بود تازه از یک بوسه گرم طولانی جدا شده ولی هنوز سیر نشده بود. موهای ژولیده سیاه و نامرتب، دور صورت مهتابی او را گرفته بود و یک رشته از آن روی شقیقه اش چسبیده بود. لطافت اعضا و بی اعتنایی اثیری حرکاتش از سستی و موقتی بودن او حکایت میکرد. فقط یک دختر رقاص بتکده هند ممکن بود حرکات موزون او را داشته باشد(1383:16).*

لەو بەشەدا وەسفی لێوەکانی ژنی ئاگرین، کە گوایا لە ماچێکی درێژ بۆتەوە و وەسفی جەستەی ناوبراو جۆرێک تابۆی فەرهەنگی و تەنانەت تابۆی ئایینییە، بەڵام گێڕەرەوە (هیدایەت) ئەو تایبەتمەندییانە لە بەرهەمەکەیدا بە وردەکارییەوە باس دەکات:

- *همینلکاتهکهحالازنماست،واردشدوروبهرویمادرمرد ه،مادرش،باچهحرارتیخودشرابهمنچسبانید،مراب هسویخودشمیکشیدوچهبوسههاییآبداریازمنکرد !*

*منازژورخجالتمیخواستمبهزمینفروبروم .*
*اماتکلیفمرانمیدانستم،مردهبادندانهایریکزدهاشمثلا*
*ینبودکهمارامسخرهکردهبود؛بهنظرمآمدکهحالتلبخ*
*ندآرامرمردهعوضشدهبود .*
*منبیاختیار،اورادرآغوشکشیدموبوسیدم؛(همان،*
*60).*

لەو نموونەیەدا کاتێک دایکی ژنە هەرزەکارەکە دەمرێت لە سەر تەرمەکەی دایکیدا خۆی دەلکێنێت بە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەوە و ماچی دەکات، خاڵی جێ سەرنج ئەوەیە کە تەنانەت گێڕەرەوە زۆر شەرم لەو شێوازە ماچکردنە دەکات نەخوازەڵا لە حوزووری تەرمی مردوویەکدا، بە شێوەیەک کە "مەبەستیەتی بە زەویدا ڕۆ بچێت"، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەو جۆرە وشانە و ئەنجامدانی ئەو کردارانە تەنانەت لە حوزووری مردووەکانیشدا لە کۆمەڵگای ئێرانیدا بەجۆرێک تابۆ دێتە ئەژمار، کە هیدایەت بە دروستی ئاماژەی پێکردووە.

چەند نموونەی تر:

- *بوبیپیازداغ،بویجوشانده،بوبپنیرکومامازیبچه،بویاتاق پسریکهتازهتکلیفشده،بخارهاییکهازکوچهآمدهوبوها یمردهیادرحالنزعکههمهآنهاهنوززندههستندوعلامتم شخصهخودرانگهداشتهاند(همان، 51).*
- *باوجوداینکهتاکنوننگذاشتهبودیکباررویلبشرابوسم( همان، 103)*

٤-١-٦. **دژواژەی تایبەت بە پیسیکردن**: میزکردن و ڕشانەوە.

وشە و دەستەواژەی تایبەت بە پیسیکردن و سەرئاوکردن دژواژەیە، لەبەرئەوە جۆرێک لە حاڵەتی بێزهاتنەوە لای خوێنەر دروستدەکات و زۆربەی کاتەکان بە ناوی گونجاوتری وەک ئیدرار لە جیاتی میز کەڵک وەردەگیرێت، هەڵبەت ئەو لێرەدا دەستدەداتە شکاندنی تابۆ و ناوە تابۆکەی بەکاردەهێنێت، هەروەها تازەپێگەیشتنیش دژواژەیەکە هیدایەت ناڕاستەوخۆ و لە ژێر لێوەوە بەکاری دەهێنێت و ئاماژەی ئاشکرای پێناکات:

- *بویعرقتن،بویناخوشیهایقدیمی،بوهایدهن،بوبیا،بوی تندشاش،بویروغنخرابشده،حصیرپوسیده،خاگینه سوخته،بوبپیازداغ،بویجوشانده،بوبپنیرکومامازیبچه ،بویاتاقپسریکهتازهتکلیفشده،بخارهاییکهازکوچهآمد هوبوهایمردهیادرحالنزعکههمهآنهاهنوززندههستند وعلامتمشخصهخودرانگهداشتهاند(همان، 51)*

نمونەیەکی تر لەو بوارەدا:

- *حالت فی به من دست داد، و پاهایم سست شد(همان، 39).*

٤-١-٧. **ئاژەڵەکان:** گوێدرێژ، یابوو، مەڕ، مانگا، سەگ، مار و ....

- *...ومنبهرویمبارکمنمیاوردم . بهمنمیخندیدند،بهخریتمنمیخندیدندباخودمشرط کردهبودمکهروزیهمهاینهارابنویسم(همان، 61).*

لێرەدا خۆی بە گوێدرێژ چواندووە و دەڵێت خۆم دا لە کەری، وشەی گوێدرێژ بە هۆی کەلتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران و هەروەها نەشیاوبوونی وشەکە لە ڕووی ئەدەبەوە لە زمانی فارسیدا دژواژەیە و هێمایە بۆ مرۆڤی بێعەقڵ/ ناژیر. ئەمانەش نموونەی دیکەن:

- *عشقرجالهارابایددرتصنیفهایهرزهوفحشهاواصطلا حاترکیک - کهدرعالممستیوهشیاریتکرارمی‌کنند- پیداکرد؛مثل :دستخرتولجنزدنوخاکتوسریکردن . ولیعشقنسبتبهاوبرایمنچیزدیگربود(همان، 110).*
- *کیفبریدنگوشتلخمکهازتویآن،خونمرده،خونلختهشد ه،مثللجنجمعشدهبودوازخرخرهگوسفندهاقطره قطرهخونابهبهزمینمیچکید . سگزردجلوایقصابیوکلهبریدهگاویکهرویزمیندکانافتاد هبود،باچشمهایتارشرکنگاهمیکردوهمچنینسرهمهگو سفندها،باچشمهاییکهغبارمرگرویشنشستهبود؛(هما ن، 114).*

٤-١-٨. **دژواژەکانی تر**: کۆمەڵێک دژواژەی دیکەش هەن، کە لە پۆلێنبەندییەکەدا جێینابێتەوە و بەم ناونیشانە دەستنیشانمان کردووە، دژواژەی وەک: خوێن، شەیتان، ژەهراویبوون و سیانزەبەدەر... لێرەدا چواریان باس دەکەین.

خوێن:خوێنیش یەکێکە لە دژواژەکان کە لە زاراوەی عەوامدا بە خراپی دەزانن و ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بێت، کە مەرگ و کوژران، خوێنی لەگەڵە، هەر بۆیە لە کوندەپەپوودا مەرگی ژنە هەرزەکارەکە بە ڕۆچوونی نەشتەر بە جەستەیدا ڕوودەدات و دواتر گێڕەرەوە جەستەی خۆی دەبینێت، کە لە خوێندا نوقمبووە.

- *منهراسان،عبایمراروکولمانداختموبهاتاقخودمرفتم؛ جلوینورپیهسوز،مشتمرابازکردم،دیدمچشماومیاند ستمبودوتمامتنمغرقخونشدهبود.(همان، 119).*
- *همینوقتبهسرفهافتادمویکتکهخلطخونین - یکتکهازجگرم - روآینهافتاد؛باسرانگشتمآنراروآینهکشیدم(همان، 108).*

گێڕەرەوە لێرەدا کاتێک دەکۆکێت و دەبینێت بەڵغەمەکەی خوێنی تێدایە هەراسان دەبێت، چونکە ئەگەر بەڵغەمی و ئاوی دەم خوێنی لەگەڵ بێت نیشانەی نەخۆشیی خراپە، لە درێژەدا خراپیی وەزعی گێڕەرەوە بە دەرپەڕینی پارچەیەک لە جەرگی لە سەر ئاوێنەکە دەردەکەوێت.

شەیتان و جنۆکە: شەیتان و جنۆکە لە زمانی ئێمەدا ئەوەندە تابۆن، کە تەنانەت خۆمان لە ناوهێنانیان دەبوێرین و بە تابۆی دەزانین، بۆیە ئەگەر کەسێک حاڵی باش نەبێ لە جیاتی ناوهێنانی جنۆکە وشەی "باشتر لە ئێمە" بە کار دەهێنن، لەم نموونەیەدا گێڕەرەوە کە تا ڕادەیەک مێشکی ئاڵۆزە و هۆکاری پێوەندیی سێکسی بە شێتی دەزانێت هەوڵدەدات خۆی بە مەجنوون بزانێت:

- *ولیمندرمقابلاینگلوییکهبرایخودمبودم،بیشازیکنوعا ثباتمطلقومجنونچیزدیگرینبودم . فشاریکهدرموقعتولیدمثلدونفررابرایدفعتنهاییبههم یچسباند،درنتیجهایهمینجنبهجنونآمیزاستکهدرهرک سوجوددارادوباتأسفیآمیختهاستکهآهستهبهسویعمق مرگمتمایلمی‌شود...(همان، 95)*

- *یکقرآنرویشکمشگذاشتهبودند،برایاینکهشیطاندرج سمشحلولنکند(هەمان، 59)*

لێرەدا هیدایەت ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆ ڕێگریکردن لە داخڵبوونی شەیتان بۆ نێو جەستەی کەسێک قورئانیان بەسەر سکیەوە دانابوو، هەڵبەت زۆربەی ئەو بۆچوونانە ڕەهەندی ئاینییان نییە، بەڵکو زیاتر خوڕافاتە و لە بۆچوونی پووچەڵەوە سەرچاوەدەگرێت:

- *درستشبیهآنلکاتهبود،ویکتکهازروحشیطانیاوراداشت (هەمان، 113)*
- *آیامقصودمنوشتنوصیتنامەاست؟هرگز،چوننهمالدا رمکهدیوانبخوردونهدیندارمکهشیطانببرد!(هەمان، 47)*

ژەهراویبوون: لە نێو عەوامدا تەنانەت ژەهراویبوونیش بە شێوەیەک لە شێوەکان دژوازەیە، ڕەنگە هۆکاری ئەو ڕوانگەیە کۆمەڵێک کردار بێت، کە بە درێژایی مێژوو بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان ئەنجامدراون، واتە یەکێک لە تەکنیکەکانی کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤەکان ژەهراویکردن بووە. ئەو بابەتە دزەی کردۆتە زەینی ناوشیاری مرۆڤ و بە خراپی دەزانن:

- *نمیدانمدیوارهایاتاقمچهتأثیرزهرآلودیباخودشداش تکهافکارمرامسمومیکرد؛(هەمان، 97).*

لێرەدا سیفەتی ژەهراویبوون بۆ بیرۆکەکەی بەکاردەهێنێت و بەو شێوازە نەفی دەکاتەوە، چونکە کە باس کرا ژەهراویبوون لای عەوام لایەنێکی نەرێنی هەیە و کاتێک کە وشەی ژەهراویی یان ژەهراویبوون بەکاردەهێنرێت زەینی ناوشیاری مرۆڤ بە لای ڕەهەندە نەرێنییەکەدا دەکشێت.

سیانزەبەدەر: نەریتێکی کۆنە، کە ڕیشەی لە بۆچوونی خەڵکدایە و تا ڕادەیەک تێکەڵ بە خوڕافات کراوە، چونکە بۆچوونی عەوام لە سەر ئەوەیە کە ژمارەی سێزدە ژمارەیەکی شوومە و دەرنەچوون لە ماڵ لەو ڕۆژەدا بە شتێکی خراپ دەزانرێت، هەر بۆیە ژمارەی سێزدە یەکێکە لە وشە تابۆکان لە نێوان ئێرانییەکاندا، نموونەیەک لەو بارەیەوە:

- *در تمام راه همه اش به فکر او بودم، به یاد اولین دیداری که از اوکرده بودم و میخواستم محلی که روز سیزده به در او را در آن جا دیده بودم، پیدا بکنم(هەمان، 21).*

**٤-٢- تاوتوێکردنی ئەو دژوازانەی لە (حەسار و سەگەکانی باوکم) دا بەکارهاتوون:**

حەسار و سەگەکانی باوکم، یەکێکە لەو ڕۆمانە هاوچەرخانەی ئەدەبیاتی کوردی کە زۆرترین دژواژەی تیادابەدیدەکرێت، بە زمانێکی زۆر سادە چەمکگەلێکی نەگوتراوی نێو کۆمەڵگای کوردی دەورێژێنێت و لە چوارچێوەی خێزانێکدا شرۆڤەی باری دەروونی کۆمەڵگایەک دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دژواەکانی ئەم ڕۆمانەمان پۆلێنکردووە بۆ:-

**٤-٢-١ دژواژەی ئاینی:** ئاین لەم ڕۆمانەدا هەمان ئەو تێکەلاوییە ڕەهەندە کۆمەلایەتییە بەیاندەکات، کە لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت لە باشوری کوردستاندا بەدیدەکرێت، دژواژە ئاینییەکان لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا دابەشدەبن بەسەر (سەرخۆشی، کوشتن، خوێن خواردن، سێکس لە شوێنە پیرۆزەکاندا).

**سێکس لە شوێنە پیرۆزەکاندا:** لە هەموو ئاینەکانەدا کۆمەڵێک جێگای پیرۆز بوونیان هەیە، کە ڕەهەندێکی ئاینیی وەرگرتووە، بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان نابێت کردەی سێکسیان تیادا ئەنجامبدرێت، لە ئاینی ئیسلامدا گۆڕستان جێگەیەکی پیرۆزە، بە تایبەت ئەو گۆڕستانانەی تایبەتن بە ئاینی ئیسلامەوە، نەک تەنها کردەی سێکسیی لەم شوێنەدا قەدەغەکراوە، بەڵکو ئەوەندە پیرۆزە بەلای موسڵمانانەوە بۆ چوونە ئەم جێگایە ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر و نزا و پاڕانەوەی تایبەت دانراوە.

لە حەسار و سەگەکانی باوکمدا یەکێک لە کارەکتەرەکان (زێوان)ە کە لەڕووی جەستەیەوە لەشو لارێکی نارێکی دراوەتەپاڵ و بەبێ گوێدانە پیرۆزییە ئاینییەکان گۆڕستانەکەی کردووەتە جێگای خاڵیکردنەوەی غەریزە سێکسییەکانی خۆی و دەزبازی لەگەڵ هەموو کچانی نێو حەساردا دەکات و تا دەگاتە ئەوەی یەکێک لە کچانی نێو حەساری لەگەڵدا بمێنێتەوە. ((وا گوێم لێیە زێوانە لەعنەتییەکە لێیان دەپاڕێتەوە.. بێشک هەنووکە بەو فێڵە ئەو حەرامزادەیە دەست لە سینەو مەمکیان دەکوتێت، نوقورچک لە لاڕان و کەفەڵیان دەگرێت، چی لە مجێوری مردوان چاوەڕێ دەکرێت؟)) (شێرزاد حەسەن، ٢٠١٨: ٦)، تا دەگاتە ئەوەی زێوانە شەلەکە زولەیخای کچی نێو حەسار بۆخۆی گلبداتەوە و لە یەکەم شەودا هێندە توندوتیژی سێکسیی بەرانبەر بە زولەیخا بەکاربهێنێت مردووانی نێوان گۆڕستانەکە بە ئاگابهێنێت، ((وەک هەر قوماربازێکی براوە خەنییەوە، هەوەسێکی لە ناکاو و شێت شەرمی ئادەمیانە لەلا هەڵگرت و سێ هەنگاو لەو دیو کێلەکانەوە هەردوو باسکی تێ وەرێنا و توند قرساندی بەخۆیەوە، پڵنگ ئاسا دەیمڕاندا.. قەت مەزەندەم نەدەکرد وا زوو بۆی شل بێت.. هەرزوو زولەیخا وەک ئەوەی بمرێت چاوانی وەرگەران و بورایەوە، هەر ئەو شەوە لە نێو ئەو هەموو گۆڕ و کێلەشکاوانەدا پاڵی خست، چنگێک پوش و پەلاشی کرد بە سەرینی ژێر سەری، کافرانە.. کافرانە وەک هەر دەعەجانێک خۆی خزاندە نێو هەردوو لاقی کەلە حەژمەتاندا زریکاندی، هەر هەموو مردووەکان بۆماوەی چاوترووکانێک ڕاچەنین و پاشان نوستنەوە)) (هەمان: ١٠).

**خوێن خواردنەوە:** یەکێک لە قەدەغەکراوەکان کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە خواردنەوەی خوێنە بەتایبەت خوێنی مردووان, کە بەیەکێک لە تاوانە گەورەکان ئەژماردەکرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەم بابەتە ئایەتی ١٧٣ سورەتی بەقەرەیە, کە دەفەرموێت:( **(إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ۖ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ))** ، (سورەتی بەقەرە: ئایەتی ٧٣), ڕۆماننوس لەم ڕۆمانەدا زۆر بەڕاشکانەوە دەست بۆ دژواژە ئاینییەکان دەبات و هەموو ئەو کۆتوبەندانە دەشکێنێت و کوڕ خوێنی لاشەی باوکی دەخوات و دەڵێت: ((گەیشتمە سەر لاشەکەی ... کفنە خوێناوییەکەیم دادڕی و دەمم نا بە برینەکەیەوە خوێنەکەیم هەڵمژی.. مژ لەسەر مژ))، (حەسەن: ٨٣).

**٤-٢-٢ مەرگ:** هەندێک لەو زاراوانەی لە بەرانبەر مەرگدا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەکاردێت تا ڕادەیەک ڕەهەندی ئاینیشیان

وەرگرتووە و وتنیان قەدەغەکراوە لەوانە ( کوشتن، تۆپاندن، لەناوبردن...هتد.). لە حەسارو سەگەکانی باوکمدا چەند جۆرێک دژوازەی مەرگ هاتووە لەوانە (کوشتن، زیندەبەچاڵکردن و خنکاندن), دیاترینیان کوشتنی باوکە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا باڵاترین دژواژەیە و ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردارە بە هیچ شیوەیەک ڕێگەپێدرا و نیەي لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتیشەوە ناوهێنانیان ڕێگەپێدراو نییە، کوڕە نۆبەرەی نێو ئەم ڕۆمانە زۆرجار بەر لەعنەت و تانەی دایک و باوەژن و خوشکانی نێو حەسار دەکەوێت لە بەرانبەر بێهەڵوێستی توندوتیژییەکانی باوکی لەنێو حەساردا، کەچی دووبارە بە کوشتنی باوکی نەک تەنها بەر نەفرەتی ئەندامانی خێزانەکەی دەکەوێت، بەڵکو ئاژەڵەکانی نێو حەساریش هەڵوێست وەردەگرن بەرانبەر بەکوشتنی باوک و بەهەر هەموویانەوە حەساربەدەر و شاربەدەری دەکەن. ((شێتانە سێ خەنجەری بە زەبرم وەشاند.. نامە سەرشانی چەپی لەگەڵ دوا تەکانی ئەودا من لەناو گۆشتی تورتی تەکانم لەدەمی خەنجەرەکە دەدا))، (هەمان: ٣٥). خاوەن حەسار دژواژەی باوککوژە دەداتە پاڵ نۆبەرەکەی و بە سەگەکانی دەڵێت تۆڵەی ئەم کوشتنەی لێبکەنەوە: (( هۆ سەگە بە وەفاکانم، نەهێڵن ئەو باوککوژە بحەسێتەوە)).

**زیندە بەچاڵکردنی کچی خۆت**: لە ئاینەکاندا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە کوشتن و زیندەبەچاڵکردن نەدراوە و ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا باوکە مەردسالارەکە هەموو ئەو قەدەغەکراونە دەشکێنێت و بێبەزەییانە (زوهرا) ی کچی زیندەبەچاڵ دەکات(( باوکە زوهرای بینیبوو دەستی لەملی ئەسپەکە کردووە ... هەر ئەو شەوە بێدەنگ کوشتی، هەر لە حەوشەی حەسارەکەشدا زیندەبەچاڵی کرد)).

**خنکاندن**: کردەی خنکاندن لە نێو حەساردا لەلایەن باوکەوە ئەنجامدەدرێت بەرانبەر بە کرێکارێکی عاشق کە سەرەتای ئەوینەکەی لە یەکەم نیگاوە دەبێتە مایەی مەرگێکی خەمناک، بەکارهێنانی ئەم جۆرە دژواژەیەی خنکاندنی کەسێک کە تاوانەکەی ئەوە بێت نیگای لەگەڵ (مینا) ی کچی نێو حەساردا گۆڕیوەتەوە دەرخستنی ئەوپەڕی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگایە لەلایەن ڕۆماننوسەوە، کە دەڵێت: (( ئەو بیرلێدەرەی نەمانزانی باوکم لە کوێوە هانیبووی، کە زانیبووی دڵی (مینا) ی خوشکمی بردووە و ئەو حەزە پڕ لە شەرمە لەناو پێخەفدا نەخۆشی خستووە..... زاڵمانە نەیهێشت بیرلێدانەکە تەواو بکات بە گڵ و خۆڵی دردراوی بیرەکە خنکاندی))، (هەمان: ٣٧).

**٤-٢-٣ کوڕی باوکە و عاشقبوونی بە باوەژنی**: لە ئاینی ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەک نابێت کوڕی باوکە و باوەژن هیچ کردەیەکی لەو شێوەیە لە نێوانیاندا ڕووبدات، تەنانەت ڕێگە بە هاوسەرگیریشیان نادرێت، چونکە باوەژن لە ڕووی ئاینی ئیسلامەوە دایکی دووەمی کوڕەیە، بەڵام لە حەسارو سەگەکانی باوکمدا باوەژن بە نازومەکرەوە بۆ گەیشتن بە عەشقەکەی خۆی و پیشاندانی جەستەی خۆی کوری باوکە عاشق بەخۆی دەکات و ئەمەش هۆکارێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوشتنی باوکە لەلایەنە کوڕەکەیەوە، گێڕەرەوە دێتەسەر باسی ئەوەی کە کوڕە چۆن ئارەزومەندە کردەی سێکسیی لەگەڵ (رابی) باوەژنە بچکۆلەیدا بکات و دەڵێت: ((رابی.. جوانکیلە لێوی لێ هەڵقۆرتاند.. ئەو لێوانەی حەزمدەکرد، لە جیاتی باوکم من ماچیان بکەم))، (هەمان: ٣٨).

**٤-٢-٤ جنێوەکان**: بەشێک لە جنێوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە دەچنە چوارچێوەی نەگوتراوی ئاینی و بەشەکەی تریشی کۆمەڵایەتی, کە لە کۆمەڵگای کوردیدا دژواژەن و گوتنیان زیاتر لە کاتی تورەبووندایە و کەسی بەرانبەر پێی قەڵس دەبێت لێرەشدا چەند نمونەیەک لەو جنێوانە دەخەینەڕوو: ((سپڵە و زاڵم دەرهەق بەمن... گرگن و خەسیو... بەر نەفرەتی خودا و باوکتان کەوتووە... ئاخۆ کێ گوێ لە زێوانێکی شەهوەتباز دەگرێت)) (هەمان: ٦-٧)، ((چەڵتە چەڵت عومر کورت.. ئاخر بۆیە بابت ڕووی نیە ژنت لۆ بینی)) (هەمان:١٥). ((کەر پیاو.. گەرەکمە بڵێم لە باوەشیدا دەکوژرێیت)) (هەمان: ٣٢). ((تایەفەی فەساد.. عێلی شەیتان و جادووگەر و کونەپەپوو)) (هەمان: ٨٥).

**٤-٢-٥ دژواژە سێکسیەکان**: گێڕەرەوە لە حەسار و سەگەکانی باوکمدا کۆمەڵێک زاراوەی سێکسیی دەگێڕێتەوە سەبارەت بە خوشکەکانی و کەسایەتییەکانی تری ناو ئەم ڕۆمانە، لە کۆمەڵگای کوردیدا دژواژەیەوە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە بە تایبەت سەبارەت بە خوشکی خۆت ئەوانیش بریتین لە: (شەوێک پێشتر هاتبووە خەونی... وتبووی: ئێوە شەرم و حەیا ناکەن؟ شەوانە گوێم لە هەناسەبڕکێ و هانکەهانکی دەستلەملانێتانە)) (هەمان:٨٤). لە شوێنێکی تر دەستەواژەی پەڕین بەکاردێنێت کە دژواژەیە و وتنی لە هەموو جێگاکاندا پەسەند نییە (( بیخۆ.. ساف شەهوەتە.. با وەک ئەسپ ببەڕیت)) (هەمان:٦٥)، یاخود ((ئەمشەو ئاقڵیت کردووە بە ڕۆحی یاسەمین خۆت چەور کردووە،، ئەم بۆنە کۆڵێ رەحەتم دەکات)) (هەمان: ٣٤).

**دژواژەکانی تایبەت بە ئەندامانی جەستە**: گێڕەوە پەردە لەسەر هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان لادەدا و بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوە زانستییەکانی ڕاستەوخۆ ناوی ئەو ئەندامانەی جەستە دێنێت کە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەچنە چوارچێوەی دژواژەوە و وتنیان شیاو نییە ئەوانیش بریتین لە (جوک، ئەندامی زاوزێ و سنگ و سمت... هتد.)، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ڕاستەوخۆ نەگوتراوەکان دەوترێت لەوانە: ((دوانی دیکە لە تازەباڵقبووەکان گەر چەقۆم لە دەستیان وەرنەگرتایە، لە ڕەگەوەڕا کێری خۆیان لێدەکردەوە)) (هەمان: ٥٨).

((باوکم کەوڵی پڵنگێکی بەسەر قوونی خۆی دادابوو)) (هەمان: ٣٥)، ((رۆژوو زۆر چاکە بۆ گەدەتان.. بۆ ئەو ئاڵوشەی وا گڕ بەردەداتە نێوگەڵتان)) (هەمان: ٢٣), گێڕەوە لە وەسفی جوانی زیبای خوشکیدا جارێکی تر ڕاستەوخۆ ناوی ئەندامێکی هەستیاری جەستەی خوشکەکەی دێنێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا دەچێتە خانەی دژواژەکانەوە، پێدەچێتە نێرینەیەک ڕاستەوخۆ ناوی ئەو ئەندامەی جەستەی مێینەکە بهێنێت ئەو دەربڕینە ببێتە مایەی نیگەرانی ((زیبای نازدار و هەمیشە لێوبەبار و چاوبەخومار، کە تازە بنی مەمکی دانابوو..)) (هەمان: ٢٢).

## ئەنجام

زۆرێك لە هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی وەك چینی كۆمەڵایەتی، گرووپی نەژادیی، رەگەز، كۆنتێكستی كۆمەڵایەتی لەسەر زمان كاریگەریی دادەنێن، كە هەموو ئەم بابەتانە بوار و كەرەستەی لێكۆڵینەوە بۆ زانستی كۆمەڵناسیی زمان دەرەخسێنن, هەروەها هۆكارە جیاوازە كۆمەڵایەتییەكانیش رێگە بۆ سازكردنی هەمەچەشنیی زمان خۆشدەكەن و هۆكار دەبن، تاوەكو جیاوازیی لەنێو ئاخێوەرانی زماندا دروست بێت, لە لایەكی ترەوە كەلتور و بەهاكانی كۆمەڵگە لەسەر زمان كاریگەری بەجێدەهێڵن، هەر بۆیە گۆڕانكاریی لە بەهاكانی كۆمەڵگە، دەبێتە هۆكاری گۆڕانكاریی لە لێكۆڵینەوەكان و رەنگدانەوەی ئەم گۆڕانكارییانەش لە بەرهەمی ئەدەبییدا شایەنی تێگەیشتن و لێوردبوونەوەیە.

بەرهەمی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەك, كە بە بەشێكی گرنگ لە كەلتوری ئەو نەتەوەیە دەژمێردرێت، خۆی لە شێوەی دابونەریت، بەهاكان و پێوەرە زاڵەكانی ئەم نەتەوە نمایشدەكات، كوندەپەپوی كوێر بە یەكێك لە باشترین رۆمانە هاوچەرخەكان دادەنرێت، كە تەرخانكراوە بۆ خستنەرووی بارودۆخ و ساتی قۆناغەكانی ژیانی سادق هیدایەت، هەروەها ئەم رۆمانە باس لە تاكی ئێرانی لە دوای شۆڕشی مەشروتە دەكات و وێنەی لادان لە خواستە سەرەكییەكان، بەدبەختی، برسێتی و رووداوەكانی ئەو شۆڕشە دەكێشێت، كە بووە هۆی هاتنەسەر تەختی محەمەد رەزا شا، دەتواندرێت ئاماژە بەوە بكەین، كە زۆرترین دژواژەی بەكارهاتوو لەم رۆمانەدا، دژواژەی دینی و ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشاندەری دژە دینی سادق هیدایەتە، هەر بەمەوە ناوەستێت بە زمانێكی زبر و مێكوتاسا رەخنە لە دینوەران دەگرێت، دوای دژواژەی دینی، دژواژەی مەرگە، كە نووسەر كەڵكی لێوەرگرتووە و خۆی لە وشەكانی وەكو مەرگ، گۆڕ، مردن و ...هتد دەبینێتەوە، ئەمانەش دەرخەری بارودۆخی نائومێدیی تاكی ئێرانی بووە، كە لە دوای شۆڕشی مەشروتەوە دوچاری گەلی ئێران هاتبوو سێیەمین جۆری دژواژەی بەكارهاتوو، ئەو دژواژانەن، كە دەربارەی سێكس و پەیوەندی ژن و پیاوە، ئەمەیش سەلمێنەری دەرچوونە لە سنوری ئەخلاق و فەسادبوونی كۆمەڵگەی ئەوكاتەی ئێران، هاوكات كەسایەتییەكانی نێو رۆمانەكە لە چینی هەژار و پەراوێزخراوی كۆمەڵگەی ئێرانن و بێبەشن لە خوێندەواریی و ئاگایی، ئەمەیش دەكرێت، بوترێت ئەم راستییەش هۆكارە بۆ بەكارهێنانی دژواژەكانی لە رۆمانەكەدا.

حەسار و سەگەكانی باوكیشم، دەرخەری بار و گوزەرانی سەردەمێكە كە هێشتا كۆمەڵگەی كوردیی بەرووی هیچ پێشكەوتنێكی جیهانییدا نەكراوەتەوە و لە ئاستانەی پیاوسالاریدایە و باوك بریار بەدەستی مافە كەسیەكانیشە و زۆربەی دژواژە و نەگوتراوەكانی نێو كۆمەڵگەی كوردیی لەلایەن پیاوانە و دەگوترێت، ئەو دژواژانەش خۆیان لە چوارچێوەی دژواژەكانی دینی، مەرگ، جنێو، سێكس و خستنەرووی ئەندامە وروژێنەرەكانی جەستەدا دەبیننەوە، زۆربەی دژواژە بەكارهاتووەكانی ئەم رۆمانەش دەچنە چوارچێوەی دژواژەی دینی و كۆمەڵایەتییەوە، چونكە رۆماننوس دین و كۆمەڵگە بە سەرچاوەی شاردنەوەی ئازادییەكان دەزانێت.

كەسایەتییەكانی نێو هەردوو رۆمانەكە بریتین لە خەڵكی عەوام و نەخوێندەواری نێو كۆمەڵگای فارسی و كوردیی، زۆربەی دژواژە بەكارهاتووەكان لە هەردوو رۆمانەكەدا تایبەتن بە مەرگ و سێكسەوە، لە بوفەكوردا دژواژەكانی تایبەت بە دەرهاوێشتەكان و مادە هۆشبەرەكان بەكارهاتووە، كەچی ئەم جۆرە دژواژانە لە حەسار و سەگەكانی باوكمدا بوونیان نییە.

## سەرچاوەكان

### بە زمانی كوردی


ا- كتێب:

*حەسەن، شێرزاد (٢٠١٨). ((حەسار و سەگەكانی باوكم))، چاپەمەنی مانگ، چاپی دووەم.

* كەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٩). ((شیعری كلاسیكی و تابۆشكێنی)) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ب- نامە ئەكادیمییەكان:

* فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١١). ((تابۆ وەك نموونەیەكی پەیوەندی نێوان زمان و كلتور))، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی.

*تاها، هاوكار مامەند (٢٠١٥). ((تابۆشكێنی لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا – باشوری كوردستان (١٩٨٠-١٩٩١) ))، نامەی ماستەر، زانكۆی صلاح الدین.

بەزمانی عەرەبی:

القرآن الكريم.

بەزمانی فارسی:

- ابهریان آزادی، سولماز(1389). *بررسی تطبیقی دشواژه‌ها و به واژه‌ها در فارسی و ترکی*، دانشکده ادبیات، زبانهای خارجی و تاریخ، دانشگاه الزهرا.
- ارباب، سپیده(1391)، «بررسی و طبقه بندی دشواری های رایج فارسی در تداول عامه» نشریه پژوهش‌های زبان شناسی تطبیقی، دوره ٢٠ شماره ٤، پاییز و زمستان، صص ١٠٧ تا ١٢٤.
- اعتضادی، شیدا و سادات علمدار، فاطمه (١٣٨٧)، «تحلیل جامعه شناختی زبان مخفی در بین دختران»، تهران، فصلنامه علمی-پژوهشی زبان‌پژوهی دانشگاه الزهرا، صص 65 – 96.
- ترادگیل، پیتر(1376). *زبان شناسی اجتماعی. درآمدی بر زبان و جامعه*، ترجمه محمد طباطبایی، تهران: آگاه.
- تفرجی گنه، مریم(1395). «تحلیل به کارگیری دشوارەها در فیلم‌های سینمایی ایران از منظر جامعه شناسی زبان و رابطه آن با جنسیت بازیگران»، مجله مطالعات فرهنگ – ارتباطات، سال 17، شماره 35، پاییز، صص 151 -166.
- خلیلی تیلمی، فهیمه(1384). «تحلیل روانشناختی شخصیت‌های بوف کور»، نشریه پژوهش زبان‌های خارجی، شماره 25، صص 63 – 80.
- شریفی، شهلا و دارچینیان، فاطمه(1388). «بررسی نمود زبانی تابودر ترجمه به فارسی و پیامدهای آن»، مجله زبان شناسی و گویش‌های خراسان، شماره 1، صص 128 – 140.
- شکیبا، نوشین(1386). «تأثیر بافت اجتماعی بر کاربرد دشواژه ها در گفتار زنان و مردان تهرانی»، مجله زبان و زبان شناسی دوره 3، شماره 6، صص 141 -152.
- شمیسا، سیروس(1376). *داستان یک روح*، تهران: توس.
- شیخی، تهمینه(1390). «بررسی کاربرد دشواره ها در گفتار گویشوران زبان ترکمنی»، مجله زبان شناخت پژوهشگاه علوم

انسانی و مطالعات فرهنگی، سال 2، شماره 2، پاییز و زمستان، صص۲۴ -۱۱.

- طالبی دستنایی مهناز و خوشبخت آرانی، ابوالفضل(1395)، «تاثیر متغیرهای جامعه شناختی زبان بر کاربرد دشواره ها در گویش آران و بیدگل»، مجله زبانشناسی اجتماعی،دوره ۱ ، شماره 1، صص 75- 86.
- غیاثی، محمد تقی.(۱۳۷۷). *تأویل بوف کور*، چاپ اول، تهران: نیلوفر.
- فرزانه، مصطفی (1384). *آشنایی با صادق هدایت*، تهران: مرکز.
- مدرسی، یحیی(1387). *درآمدی بر جامعه شناسی زبان*، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
- مریدی، بهزاد(1385). «بررسي تحولات واژگان ممنوعه در گویش لارستاني»، مجله انسان شناسي (نامه انسان شناسي)دوره 5، شماره 9، بهار و تابستان، صص 169 – 177.
- معدنی، میترا(1378). «مروری اجمالی بر تابوی زبانی و انواع آن»، مجله زبان شناسی، سال 14، شماره 1و 2، صص 65 – 72.
- ولک، رنه و وارن، آستن (۱۳۷۳). *نظریه ادبیات*. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.
- هدایت، صادق(1383). *بوف کور*، تهران: انتشارات صادق هدایت.
- یاحقی، محمدجعفر(1391). *جویبار لحظه‌ها*، تهران: جامی.
- وارداف، دونالد(1393). *درآمدی بر جامعه شناسی زبان*، ترجمه رضا امینی، تهران: بوکا.